دەوڵەتی نەرویج بەردەوامە لە پێشێل کاری لە بەرانبەر پەنابەراندا

بۆ ماوەی چەندساڵێکە دەوڵەتی نەرویج بەشێوازایێکی خراپ رەفتار ئەکات لە گەڵ ئەو پەنابەرانەی کە روو لەوڵاتەکەیان ئەکات بەشێوەیەکی گشتی، بەتایبەتی لە گەڵ ئەو پەنابەرانەی کە وڵاتەکانیاین لاوازن لە ئاستی سیاسەتی نێو دەوڵەتی بە ئاسانی وڵاتانی ئەوروپا کاری گەریان ئەبێت لەسەریان و گرێبەست ئەکرێت لە گەڵیاندا بۆ وەرگرتنەوەی پەنابەران چونکە یاسا بەرقەرار نیە و لێپچینەوە ناکرێت لەگەڵ کەسانی دەسەڵاتداردا هەموو گرێ بەستێك بەشێوەیەکی نهیی بە ئەنجام ئەگەیەندرێت لەسەر چارە نوسی هەزاران پەنابەر کە لە هەمان کاتدا وەرگرتنەوەی پەنابەران لە بەرژوەندی وڵاتەکەیاندا نیە چ لە رووی سیاس و ئابورییەوە کۆمەڵایەتیەوە ئەو وڵاتانەش بریتین لە عێراق . سوریا . سۆماڵیا . ئەفگانستان. ئێران . ئیتوپیا . ئەریتریا . تورکیا. زۆر وڵاتی تریش بەتایبەتی تورکیا کە هەمیشە ئامادەیە بۆ وەرگرتنەوەی پانابەرە کوردەکان .

وەك لای هەموان ئاشکرایە لە ماوەی چەند ساڵی رابرووددا بەرێوەبەرایەتەی کۆچ ی نەرویج کۆمەڵێک دۆسەی بە هەڵ پەسێردراوی هێشتۆتەوە بۆ ئازاردان و بێزارکردنی پەنابەران یان بەشێوازێکی کۆ رەفتاری کردوە لەگەڵ کێسە جیاوازەکانی پەنابەراندا دەکرێت بڵێین هەر پەنابەرێك خاوەنی کێشەیەکی تایبەتە بەخۆی بەڵام بەرێوەبەرایەتی کۆچ ئەو دیاردەیەی رەچاو نەکردوە بەگشتی وەڵامی پەنابەرانی بە نەگەتیف داوەتەوە بۆ هەریەك لەو وڵاتانەی کە لای سەرە ناوبراوە بۆ نمونە لە وەڵامی داوای پەنابەرە عێراقیە کاندا یەك وەڵمدانەوە بەرچاو ئەکەوێت و بەرونی دیارە کە بەشیوەی کۆ رەفتار کراوە لە گەڵ کێسەکاندا بەهەمان شیوە لە گەڵ کوردانی باشورو باکوری کوردستان زۆر بەی وڵاتانی تر .

ماوەی چەند مانگێکە پەنابەران بۆ دژایەتی کردنی بەرێوەبەرایەتی کۆچ ی نەرویج و ئەو بریارانەی کە رۆژانە دەر ئەکرێت و کاری پی ئەکرێت لە دژی پەنابەران سەر هەڵدانی نارەزایەتی جیاواز دروست بووە لە لایەن زۆبەی نەتەوەکانەوە کە هەست دەکرێت بەشێوازێکی نایاسای و نامرۆڤانە رەفتار ئەکرێت لە گەڵ دۆسەکانیان.

ئیتوپیەکان دووبارە رویان لە کەنیسە کردەوە.

ئیتوپیەکان لە دوای خۆپیشاندانێکێ بەرفراون دەژ بەرتکردنەوەی مافی پەنابەریان رویان کردە کەنیسە و بۆ ماوەیەکی زۆر مانیاگرت لە خواردن و خوارنەوە ئەوە بوو رۆژانە بە هەزاران کەس پشتیوانی ئەکرد لە کێشەکەیان و زۆربەی رێکخراوە سڤیل و حوکومیەکان گوشاریان ئەخستە سەر دەسەڵاتداران بۆ پێدا چونەوە بە کێسەکانیاندا و رەچاوی



بارو دۆخی وڵاتەکەیان بکرێت ، دوای تێپەربوونی چەند رۆژێک مانگرتن وەزارەتی دادی نەرویج بریاری دا کە جارێکی تر پیدا چونەوە بکریت لە گەڵ بەشێک لە کێسەکان . بەڵام تاکو ئیستا بریارەکە نە چۆتە چوار چیوەی جێ بەجی کردنەوە لە هەمان کاتیشدا ئیتوپیەکان ترس و گومانیا هەیە لە ئەوەی کە دەوڵەتی نەرویج خەریکی گرێبەستێك بیت لەگەڵ دەوڵەتەی ئیتوپیا بۆ ناردنەوەیان بۆیە لە بەرواری 27.04 دووبارە گەروانەوە ناو سنوری کەنیسەو پیداگری ئەکەن لە وەرگرتینی مافی پەنابەرای.

فەلەستیەنیەکان بۆ ماوەی مانگێک خۆپیشاندان ئەکەن .

هەروەک باسمان کرد نارەزای بەردەوامە لەلایەن پەنابەرانەوە لە سەرەتای مانگی ئەپریلەوە پەنابەرانی فەلەستینی خۆپیشاندانی یەك مانگیان راگەیاندوە و بریاریان داوە بۆ ماوەی مانگێك لە بەردەم پەرلەمانی نەرویج خۆپیشاندان بکەن و رۆژانە هەوڵ بدەن پشتیوانی بۆ خۆیان زیاد بکەن تاکو چیتر داواکانیان بەنەگەتیف وەڵام نەدریتەوە بەشیوەیەکی زۆرە ملێ رەوانەی فەلەستین نەکرێنەوە .




کوردەکان لەسەر کێشەی دوو ناوی خۆپیشاندانیان کرد.

نیگەرانی بەردەوامە لەلایەن کوردان لە بەرانبەرا زەوتکردنی مافی بە هاوڵاتی بونی هەزاران پەنابەری کورد . بۆ ماوەی چەند سڵێکە مافی بە هاوڵاتی بوونی کوردانی خاوەن کێشەی دوو ناو بەردەوامە و داواکانیان بە نەگەتیف رەت ئەکرێتەوە لەکاتی داوای مافی بە هاوڵاتی بون ئەکەن هۆکارەکەشی ئەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە دوو ناوی جیاوازیان هیە یان پێشتر داوای مافی پەنابەریان کردوە لە وڵاتێکی تری ئەورپا بەناوێک و دواتر لە وڵاتی نەرویجیش بە ناوێکی تر

خۆیان ناساندوه ئەوه بۆتە کۆسپ لە بەردەم بەهاولاتی بونیان . بەڵام بەداخەوە ئەوەی
کەمایەی نیگەرانە ئەو کێشەیە کاری گەری هەیە لە سەر تەوای خێزانەکان و بەهۆی کەسی
سەرکی خیزانەکانەوە منداڵ و خانمەکانیش بێ بەشکراوان لە مافی بە هاوڵاتی بونییان .
کۆمیتەی داکۆکی کردن لە دوو ناوەکان لە بەرواری 27.04 هەلسان بەسازادانی خۆپیشاندانێکی
بەرفراوان بۆ خستەن رووی کێشە کەیان و تاکو گوشار بخەنە سەر دەسەلاتدارانی وڵاتی نەرویج
و مافی هاوڵاتی بونی خۆیان بەدەست بهێنن.سەرەتا کۆبونەویەکی بەروفراوانیان لە بەردەم (
سەنتراڵ ستا شوێن ) سازداو دواتر بەرێکەوتن بۆ بەردەم سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و
وەزارەتی کارو باری منداڵان و هەروەها وەزارەتی داد . وتیەك پێشکەش کرا لە لایەن دەسەتی
هەڵسوراوی کۆمیتەی داکۆکیکردن لە دوو ناوەکان باس لە کارو چالاکیەکانی کۆمیتەکەی کردو
هەروەها بۆ ئامادەبوانی
رونکردوە کە چ داواکارێک
پیشکەش بە پەرلەمان و
لایەنە پەیوەندی دارەکان
ئەکرێت بەتایبەتی
وەزارەتی کارو باری
مندالان دواتر جێگری وەزیر
وتەی خۆی پێسکەش کرد بە
ئامادەبوان هەر لەمان
کاتیشدا بەریوەبەری گشتی
بۆ کارو باری پەنابەران
ئامادەو بوو لەوی دواتر
رێکخراوی خۆبەخشی
نەرویج بۆ کاری بێگانە
وتیەکی پێشکەش کردو
ئامادەی خۆی دووپات کردوە بۆ داکۆکی کردن لە مافی بەهاوڵاتی بونی ئەو پەنابەرانە کە ماوەی
چەندساڵێکە گرفتاری ئەو کێشەیەن .



دوای گەیاندی دەنگی نارەزای و دواکانیان بە جێگای مەبەست خۆپیشاندەران بەرێکەوتن بەرەو
پەرلەمانی نەرویج هەروەها بۆ ماوەی کاتژمێرێک لە بەردەم بینایەی پەرلەمانی نەرویج
بەردەوام بوون بە ئامادە بونی سەرۆکی پارتی سوری نەرویج هەروەها لەمیانەی وتەکەیدا
پشتیوانی خۆی و حزبەکەی دووپاتکردەوە بۆ بەهاوڵاتی بونیان . ئەتوانن سەردانی ئەو لینکە
بکەن لای خوارەوە بەشێك لە وتەکانی جێگری وەزیر گوێ بیست ئەبن .

http://www.youtube.com/watch?v=G3X9Dz8-_2E

ئیرانیەکان ئامادە باشی ئەکەن بۆ خۆپیشاندان.

شەپۆلی پێشل کاریەکانی بەریوەبەرایەتی کۆچی نەرویج تەنها کورد و فەلەستینی و ئیتوپی نەگرتۆتەوە بگرە زۆربەی نەتەوە جیاوازەکانی تر بەر رەفتاری نایاسی ونامرۆڤانەی بەریوەبەرایەتی کۆچ بونەتەوە.

وابریارە لە ناوەندی مانگی داهاتودا پەنابەرانی ئێران دەست بکەن بە خۆپیشاندان و مانگرتنێکی 15 رۆژی لە بەردەم پەرلەمانی نەرویج . سیاسەتی بێزارکردنو ناچارکردنی پەنابەران بەردەوامە تاکو پەنابەران خۆیان واز لە خواستەکانی خۆیان بهێن و بەناچاری نەرویج بەجێ بهێڵن هەرە لەسەرەتای سالێ 2011 وە کۆمەڵێک پلانی دارێژ پیادەکرا تاکو پەنابەران بێ بەش بکەن لە کۆمەڵێک مافی سەرتای وەك کارکردن و زەوتکردنی پسولەی باج و ونکردنی باری کەسایەتیان سرینەوەی ناویان لە ئاماری گشتیدا هەروەها لە فارمانگە گشتیەکانی نەرویج زۆر شتی تر..



سەرەرای ئەو هەموو نەهامەتیەش راونان و ناردنەوەی بە زۆرە ملێ بەردەوامە ...

موف کۆیتە 28.04.2011